خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

# مەخموور

www.mexmurpress.com



لەم ژمارەیەدا

* مەلا عەزیز: ل٥
دوژمنان تاوەکو ئێستا بەئاواتن مەخموور تەعریب بکەنەوە بەلاّم بۆیان نایەتەوە

* ئەحمەد زەمانە: ل٦
لەسەر لاوکێك ساڵی ١٩٩٢ دەستگیرکرام

* سەلاحەددین سیامەند ل٧
لەتەمەنی ٢٨ ساڵی بڕیاری وازهێنان لەیاریکردن دەدات



مەلا عەزیز مەخمووری


ژمارە ( ٣ )    ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت    نرخ ( ٢٥٠ ) دینار    دووشەممە ٢٠٠٨/١٢/١٥    ٢٤ی سەرماوەزی ٢٧٠٨


# بۆ یەکەمجار مەخموور بە سێ نوێنەر لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەشداری دەکات

## ئەشواق کەمال: هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە

**ئا : شەیدا قەراجی**

وا بڕیارە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئێراق لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا، قەزای مەخموور بەسێ ئەندامی سەرەکی بەشداری لەو هەڵبژاردنانە بکات کە دوانیان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانەو یەکێکیان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هاوکات عەرەبەکانی سنوورەکەش بوونیان لەو هەڵبژاردنە لەسەر لیستی پارتی هەیە. لەم بارەیەوە ئیبراهیم شێخەلا ئیبراهیم قایمقامی قەزای مەخموور بەوەکالەت تایبەت بە بەدەنگی مەخموور ڕایگەیاند کەوا لایەنە سیاسییەکانی مەخموور بەیەك لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن‌و تەنانەت عەرەبەکانی ناوچەکەش لەو لیستە بە نوێنەرێك بەشدارن‌و ڕاشیگەیاند تاکو ئێستا هیچ کەس‌و لایەنێکی کوردی و عەرەبی بوونی نیە جگە لەلیستی برایەتی نەینەوا، ئیبراهیم شێخەلا داوای لە دانیشتوانی ناوچەکە کرد بۆ ئەوە بتواندرێت خزمەتیان بکرێت دەنگ بەولیستە بدەن کە خزمەتیان دەکات‌و لەدوارۆژە کاردەکات بۆ ئاوەدانی دەڤەرەکە.

سەبارەت بە بونی مافی دەنگدانی‌ئەو هاولاّتیانەی کە پسولەی خۆراکیان هەولێرە شێخەلا وتی "ئەوانە تاکو ئێستا نادیارە کە دەتوانن دەنگ بدەن یان نا؟. بەلاّم کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکان دەڵێت "ئەو پسولەی بەر لە ٢٠٠٨/٤/١٥ گوازرابێتەوە دەتوانی دەنگ بدات ئەوەی تر ناتوانێت جا بۆئەو مەبەست ئێمە سەرووی خۆمان لێ ئاگەدارکردیتەوەو خەریکی دۆزینەوەی میکانیزمێکین بۆ ئەوەی مافی ئەوانەش نەڕوات.

لەلایەن خۆشیەوە پارێزەر ئەشواق کەمال جەمیل لەسەر لیستی پارتی کە یەك لەو سێ نوێنەرانەیە کە دەستنیشان کراوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی مەخموور لەو هەڵبژاردنە.

ئەو لەسەرچونی بۆموسڵ‌و کارکردنی بۆئاوەدانکردنەوەی مەخموور وتی "دەبێت ئێمە لەیەکەم کێشەی مەخموور دەست پێبکەین کە ماددەی ١٤٠ دەبێت یەکەم کارمان ئەوەبێت ئەو ماددەیە بەتەواوی جێبەجێبکەین چونکە تاوەکو ئەوکارە نەکەین ناتوانین کارەکانی ترمان دەست پێبکەین.. واتە دەبێت کێشەی دوو ئیدارەیی یەکلایی بکەینەوە ئەوکاتەی‌کە هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش تەواودەبێت ڕاستەخۆی دوای دەرچوونی ئێمە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاکان دەست پێدەکات ئەوکاتە وەك ئێستا نابێت هەرپرۆژەیەك هەبێت بەو لێژنانە تێپەردەبێت ئەوکاتە پرۆژەکان کەموکوریان نابێت‌و بەبێ کەموکوری دەبێت ئێمەش وەك نوێنەر کە لەموسڵ دەبین بەجدی کار بۆئەوەدەکەین هەربەشێك بۆ موسل بێتن بەشی مەخمووری لێ وەربگرین‌و پرۆژە بۆ مەخموور ئەنجام بدەین.

هەروەها ئەشواق وتی "دەست نیشانکردنی من وەك ئافرەتێك ئەوە مانای ئەوەیە کە مەخموور دوای پرۆسەی ئازادی هەنگاوی ناوەو بەرەوپێشچوە چونکە تاکوئێستا ئافرەتێك نەبوە لەم بوارە بەشداربێت، هەروەها وەك ئافرەتێك کە لەخانەوادەیەکی نیشتمان پەروەرو خودان قوربانیە ئەو بەڵێنی ئەوەی داو هیوای خواست کە بتوانێت وەك ئافرەتێك کاربکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی مەخموورو هێنانی پرۆژە بۆ ئافرەتان‌و ژنانی مەخموورو کارکردن بۆ گەنجانی دەڤەرەکەو دۆزینەوەی دەرفەتی کارو باشترکردنی گوزەرانی هاولاّتیان‌و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان‌و پێشمەرگەو سەرجەم چین‌و توێژەکان.

ئەو نوێنەرە داوای کرد کە خەڵکی دەڤەری مەخموور لەوڕۆژە هەمووڕوویکەنە سندوقەکانی دەنگدان‌و دەنگ بە لیستی برایەتی ژمارە ٢٣٦ بدەن بۆ ئەوەی ئەو مافانەی لێیان زەوتکراوە بەدەستی بێننەوە چونکە هەڵبژاردنی ئەوجارە جیاوازی هەیە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە، تەنانەت کێشەکانی ناوچە دابڕاوەکان و ماددەی ١٤٠ لەسەر ئەو هەڵبژاردنە ماوەتەوە، بۆیە پێویستە هەموومان دەنگ بدەین بەلیستی ٢٣٦ بۆئەوە مەخموور بگەڕێنینەوە دۆخی جارانی.

لەلایەن خۆشییەوە مەلا عەزیز کەسایەتی دیاری دەڤەری مەخموور وتی "دەبێت هەموو لایەك کاربکەن بۆئەوەی لەو هەڵبژاردنە سەرکەوین دەنا ڕەوشمان لەوەباشتر نابێت ئەگەر خراپتر نەبێت"، مەلاعەزیز گەشبینی خۆی نیشانداو وتی " ئەگەر سەرکەوین ڕەوشی مەخموور باشدەبێ.


دیمەنێك لەشاری مەخموور

(فۆتۆ: سەدرەدین)


پەیامی مەخموور


## ماددەی ١٤٠و کێشە خزمەتگوزارییەکانی شاری مەخموور

**جەمیل سنجاوی**

هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ئازادیی عێراق ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانیش ئازاد کران، هەڵبەتە شاری مەخموورو دەوروبەری لەو پرۆسەیدا بەدەر نەبوون، ئەگەرچی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر ئەم پرۆسەیە تێپەڕیووە، بەلاّم تاوەکو ئێستا مەخموورو ناوچەکانی دەوروبەری نەگەڕاونەتەوە بۆسەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان .

هەر لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە بەردەوامی داوای گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان دەکەینەوە، لە دەستپێکدا بەهۆی ماددەی (٥٨) و دواتریش لە دەستووری هەمیشەیی ئێراق ماددەی (١٤٠) یان بۆ دیاریکرد، دیارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە لەسەر ئاستێکی فراوان لەلایەن (سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و نووسراو)ەوە هەمیشە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی کراوەتەوە، بەلاّم نخابن نە لەسەردەمی (بریمەر)، کە ئەوکاتە لە(یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق) بە ماددەی ( ٥٨ ) ناسرابوو، نە لە (دەستووری هەمیشەیی عێراق) یش کە ئێستا بە ماددەی (١٤٠) ناسراوە، هیچ پێشڤەچوونێکی ئەوتۆی پێوە دیار نییە، دیارە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکەوێتە ئەستۆی (حکومەتی عێراق)ی ئێستا کە (نوری مالیکی) سەرۆکایەتی دەکات، ئەوەی گرنگە کە ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین و هەڵوەستەی لە بارەوە بکەین، گرفتەکانی دوای جێبەجێکردنی ماددەکەیە کە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك بیرمان لێ نەکردۆتەوەو زەمینەشمان بۆ نەرەخساندووە، لای هەموومان ئاشکرایە کە زیاتر لە پێنج ساڵی تەواوە قەزای مەخموور و ناحیەکان و سەرجەم گوندەکانی لە ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری بێبەشکراوە، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی مەخموور سەر بە ئیدارەی (موسڵ) ـە، (موسڵ) یش نە لە ڕابردوو و نە ئێستا و نە لە داهاتووش هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێت، ئەگەر بێت‌و ئێستا سەرنج بدەین لە مەخموورو دەوروبەری ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی وەك (کارەبا و ئاو) زۆر خراپەو لەئاستی پێویستدا نین، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەم خزمەتگوزاریانە لەژێر دەسەلاّتی کورددا نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی لەناوچە عەرەبنشینەکانەو ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان ئەگەر بیانەوێ پێمان دەدەن‌و ئەگەر نەشیانەوێ لەسەرمان دەبڕن، کەواتە ئەگەر ئێستا ئەوە مامەڵەیان بێت، ئەی ئەگەر ماددەی (١٤٠) هاتەجێبەجێکردن دەبێ هەڵوێستیان چۆن بگۆڕێت؟ هەرچەندە دڵنیام لەوەی وەلاّمی پرسیارەکەم لای هەموو لایەك روونەو باش دەزانین دووچاری چەندین کێشەو نەهامەتی تر دەبینەوە، بەلاّم زوو بەئاگاهێنانەوەو خۆئامادەکردن بۆ پێشهاتەکان بە ئەرکی هەموو لایەکی دەزانم، کەواتە بەر لەوەی هاولاّتیانی دەڤەرەکە دووچاری قەیران بن، لە ئێستا زووتر نییە بیر لەچارەسەریی بکەینەوە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم هەرچی زووە پەلە بکرێت لە گەیاندنی تەزووی کارەبا لە وێستگەی (٥٠٠) مێگاواتی بۆ قەزای مەخموورو دەوروبەری، سەبارەت بە (ئاو) یش بە هەمانشێوە پێویستی بە پرۆژەی بە پەلە هەیە. لەکۆتاییدا دەبێ ئەو پەندە کوردییەمان لەبەرچاوبێت کەدەڵێت : (با پێش تایێ بەرێ بەخۆ دادەین).

### لە خولێکی پەروەردەیی لە سلێمانیدا

# قوتابخانەی قەراج پلەی یەکەم بەدەست دێنیت

**خەلیل پالانی**

سەبارەت بە پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی فێرکردن لە قوتابخانەکانی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی یونسێف و (STEP)ەوە خولێکی پێنج ڕۆژی بۆ (٣٣) قوتابخانەی کوردستان کە (١١) قوتابخانەی سلێمانی و (١١)ی دهۆك‌و (١١)ی هەولێر کە لەم یانزەی هەولێر (٥) قوتابخانەی مەخموور بەشدار بوون ئەمانیش پێکهاتبوون لە (قوتابخانەی قەراجی کچان و قوتابخانەی بازارگەی کچان و قوتابخانەی مەخمووری تێکەلاّو و قوتابخانەی کوردستانی تێکەلاّو قوتابخانەی دڵداری تێکەلاّو)، ئەمەو لە هەر قوتابخانەیەك (بەڕێوەبەرو سێ مامۆستا) و دوو (سەرپەرشتیاری پەروەردە)ش لە هەر پەروەردەیەك بەشداربوون، لە خولەکەدا کە زیاتر لە (١٤٠) مامۆستای کوردستان تیایدا بەشدار بوون، لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لەسەر بابەتەکانی شێوازی دانانی یاسای ڕەفتارکردن لە قوتابخانەکان و شێوازی بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن و گرنگیدان بە قوتابیان بەیەکسانی و چەندین ڕێنمایی تر بەپێی سیستمی نوێی پەروەردەیی .

ئەمەو مامۆستایانی خولەکە کە پێکهاتبوون لە چوار مامۆستای شارەزا و پسپۆڕی پەروەردەیی وڵاتی بەریتانیا و مامۆستایانی قوتابخانەکانی مەخموور توانیان باشترین ئاست تۆمار بکەن لە خولەکەدا و لە دوا ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانی مامۆستاکانی وانەبێژی خولەکە مامۆستایانی قوتابخانەی قەراجی سەرتایی کچان کە هەریەك لە مامۆستایان (سەمیرە ئەسعەد و سامیە عەبدوڵلاّ و خەلیل ئیبراهیم و نالی جەمیل) بەشداربوون توانیان پلەی یەکەمی خولەکە بەدەست بێنن .

### ١٦٠ قوتابی مەخموور

# لەکۆلێژەکانی کوردستان وەردەگیرێن

**ئا : دلّزار خدر**

لەگەڵ دەستپێکی خوێندن هەموو ساڵێك گرفتی وەرگرتنی قوتابیانی مەخموور دێتە پێشەوە، بۆ ئەمساڵیش بەهەمان شێوە جارێکی تر ئەوحالەتە دووبارە بووەوە بەلاّم لەسەرنجام ١٦٠ قوتابیی وەردەگیرێن‌و نزیکەی ٨ قوتابییش لەمەخموورو کەمپی مەخموور تائێستا وەرنەگیراون.

لەلێدوانێکی تایبەت بەدەنگی مەخموور (شۆرش خدر ئیبراهیم) بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور ڕایگەیاند "هەموو ساڵێك لەکاتی وەرگرتنی قوتابیانی پۆڵی شەشەم گرفتی وەرگرتنی قوتابیانی مەخموور دێتە پێشەوە، بەلاّم ئەمساڵ خۆشبەختانە ١٦٠ قوتابی لەزانکۆکان وەرگیراون" بەو بۆنەیەوە بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور سوپاسی خۆی ئاراستەی حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی خوێندنی بالاّو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین کردو بەتایبەت سوپاسی خاتوو جوان دەکەین لەوەرگرتنی قوتابیانی مەخموور.

هەروەها شۆڕش خدر باسی لەو قوتابیانەکرد کە وەرنەگیراون هەروەك گوتی "ئەو قوتابیانەی وەرنەگیراون لەبەر ئەوەبووە کە نمرەکانیان کەمە ژمارەیان ٤ قوتابی دەبێ لەپەروەردەی مەخموورو هەروەها ٤ قوتابییش لەکەمپی مەخموور ئۆمێد دەکەین ئەوانیش وەربگیرێن"

هەروەها (بێستوون خدر) بەرپرسی لقی مەخمووری (ی.ق.ك) بەدەنگی مەخمووری ڕاگەیاند "وەرگرتنی ئەو قوتابیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵە بەردەوامیانەی لق‌و ڕێکخراوەکەیان تاکو ئەو قوتابیانە لە زانکۆکانی هەرێم وەربگیرێن. ئەوەبوو دوای ئەوەی ناویان لە زانکۆکانی موسڵ‌و کەرکوك هاتەوە بەلاّم بەهۆی نائارامی ڕەوشی ئەمنیان قوتابیانی مەخموور نەیاندەتوانی لەوێ بخوێنن". بێستوون خدر وێرای ئەوەی سوپاسی خۆی بەناوی لقی قوتابیان بۆ لقی ٢٣ی مەخمووری (پ.د.ك) دەربڕی، لە هەمانکاتدا پیرۆزبایی ئاراستەی قوتابیانی وەرگیراو کردو ڕاشیگەیاند کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانەی وەرنەگیراون وەربگیرێن.

### هاوڕێ یوسف:

# تەنیا بارەگای حیزبەکان ئاوەدانکراونەتەوە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور :**

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی لە ٢٠٠٣ەوە هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوە بووین ئیدی هەموو لایەکمان دەحەسێینەوەو دەبین بەخاوەن حکومەتێك کە لەسایەدا هەموولایەك هەست بەئاسوودەیی دەکەین. ئەمە ڕاووبۆچوونی هاورێ یوسف بوو کە ئەو وەك هاوولاّتیەکی شاری مەخموور بەردەوام لەخەمی ئەوەدایە ئاوەدانی بکەوێتە ئەو شارە. لەلێدوانێکی تایبەت بەدەنگی مەخموور ڕایگەیاند "حکومەتی هەرێم خاوەن ئەزموونی ١٨ ساڵەیە کەچی پێشتر ئەگەر داهاتی کوردستان بەشی ئەوانی نەدەکرد بەلاّم ئێستا لە ١٧٪ داهاتی نەوتی ئێراق وەردەگرێ، کەچی ئێمەی ناوچە دابڕاوەکان کە زیاتر لە ٦٠٪ ئەو خەڵکە گەڕایەوە سەر زێدی باب‌و باپیرانیان بەلاّم ئێستاشی لەگەڵدابێت بۆ ٦ ساڵ دەچێ


هاوڕێ یوسف

خەڵکی ئەوناوچانە چاوەڕوانن!. بەلاّم هەروەك هاوڕێ یوسف باسی لێوە دەکات حکومەتی هەرێم هیچ ئاوڕی لەوناوچانە نەداوەتەوە.

دەربارەی دەڤەری مەخموور تائێستا چەندین جار خەڵکی ئەوشارە سەردانی وەزیرو پارێزگاو بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیان کردووە هەروەك هاوڕێ یوسف پێی وایە "ئەوان بەقسەی خۆش‌و شیرین هەمو کات ئێمەیان بەرێ کردووەو بەڵێنیان پێ دەدایین کەوا کۆمەڵێك پرۆژەمان بۆ ئەنجام بدەن، بەلاّم کاتێك کەهەڵبژاردن دێتە ئاراوە باس لەهەستی نەتەوایەتی دەکرێت‌و داوامان لێ دەکەن دەنگ بدەین، تەنانەت بەردی بناغەی پرۆژە تەواو نەبووەکانیان ماوە".

هەروەها باس لەوەدەکات کەوا ئێستا خەڵکێکی یەکجار زۆر گوندو دێهاتەکانیان چۆڵ کردووە هەروەك گوتی "ئەو خەڵکە هەموو بێ ئومێدبوون لە٩٥٪ گەڕانەوە شارو دێهاتەکانیان چۆڵ کرد، تەنیا شتێك کە ئەوان ئاوەدانیان کردوەتەوە بارەگای حیزبەکانیان بوو".